سپۆرت

ئەرکان محەمەد رشید

وەرزشکارانی دێرین لەکوێن؟

بێگومان هەموو شۆڕش و هەڵگیرسانەوەیەک، هەموو کاروبارێکی ژیان دەبێ کەسانێک هەبن کە پێشتر پێی هەستابن وببنە نموونەیەک بۆنەوەی داهاتوو. دیارە ئەمەکارێکی ئاسایی نێوسەرجەم گەلانی دونیایە، بگرە گەلی کوردستان وبەشێکی زۆری ناوچەکانی تری کوردستان بە شێوەیەکی تاڕادەیەکی باش سوودیان لێوەرگرتووە، بەڵام لای ئێمە لەگەرمیان بەهیچ شێوەیەک وەرزشکارانی دێرین ئەگەرچی نەیانتوانیوە ببنە نموونەیەک بۆ نەوەی ئەمرۆ بەڵکو بەشێکی زۆری لاوانی وەرزشکار ئەمرۆ تەنها نەک وەرزشکاری دێرین نابینین بەڵکو دووەم پەرێزییەک لە نێوان ئەم دوو گروپەی کۆمەڵ هەیە بۆنموونە لەبەشێکی زۆری تیپە میللییەکانی شارەکاندا وەرزشکارە دێرینەکان یا (وەکو سەرۆکی تیپ یاخود وەکو ڕاهێنەری تیپ ماوەن)و بەردەوام لەهەوڵی بەردەوامی گەشەسەندن وڕێکخستنە وەی تیپەکانیاندان بەڵام لەگەرمیاندا ئەگەر زۆرلێی ورد بینەوە بەدەگمەن دەبینین وەرزشکاری دێرین لەدەوری تیپەکانیاندا بن دیاردەی دوورکەوتنەوەی وەرزشکارە دێرینەکان لەدونیای وەرزشی ئەمرۆ بێگومان کۆمەڵێک کاریگەری هەیە کە پێویستە لێرەدا بیانخەینە ڕوو، پاشان چارەسەری گونجاویان بۆبکەین، هۆکاری دوورکەوتنەوەی وەرزشکارە دێرینەکان بەگشتی بریتییە لە:-

١. بەشێکی زۆریان تەنها وەرزشیان بۆماوەیەکی دیاریکراو کردووەو دوای ئەو ماوەیە وازیانهێناوەو گەڕاونەتەوە بۆ پیشەی سەرەکییان لەوانە(بازرگانی بەهەموو شێوەکانیو پیشەی مامۆستایی وفەرمانبەرو پەروەردەی خێران...هیتر).

٢. بەشێکی تریان بەهۆی هۆکاری ئابووری یاخود کەم دەرامەتییەوە وازیان لەوەرزش هێناوەو ناتوانن شانبەشانی پیشەکەی تریان خزمەتی وەرزش بکەن.

٣. بەشێکی تریان لەدژایەتی کردنی یەکتری کێبەرکێدا بوونەو وەکو دوو گروپ تا ئەو دوو گروپە هەبوو وەرزشی کردووە بەڵام دوای ئەوەی ئەو دوو گروپە یەکێکیان نەماون ئەوی تریش وازیهێناوە.

٤. بەشێکی تریان بۆتەنها خۆ دەرخستن بووەو دوای ماوەیەک بەبێ هیچ هۆیەک وازیان لەوەرزش هێناوە.

٥. بەشێکی ترحەزی زۆریان لەوەرزش بووەو بەدڵ وبەگیان وەرزشیان کردووە، بەڵام کەسانێک هەبووە بوونەتە ڕێگیر لە بەردەمیان وئەوانیش بەبۆنەی ئەوانەوە وازیان هێناوەو تائێستاش وەرزشیان لەبەرچاو کەوتووە وزەحمەتە جارێکی تر بگەڕێنەو بۆ وەرزش .

ئەمانەو چەندین خاڵی ترهەیە کەدەتوانین بڵێین بەشێوەیەکی گشتی هۆیەک بوونە لەهۆیەکانی دوورکەوتنەوە یاخود وازهێنانی وەرزشکارانی دێرین لە بواری وەرزشییەوە ولێرەوە پێویستە دەزگا بەرپرسەکان لێکۆڵینەوە لەسەر هەموو ئەو هۆکارانە بکەن کەوای کردووە وەرزشکارانی دێرین لەیاریگا دوور بکەونەوەو پێویستە چارەسەری گونجاویان بۆ بدۆزرێتەوە لەڕێگەی دروستکردنی لیژنەی تایبەت بەهۆکارەکانی دوورکەوتنەوە لەگەڵ دروستکردنی جێگای تایبەت بۆ وەرزشکارانی دێرین وەکو سلێمانی لەگەڵ دابینکردنی هاوکاری مادەی بۆ یان ئەگەر کەمیش بێت چونکە لەڕووی دەروونییەوە کاریگەری خۆی دەبێت.

خولی پالاوتنی تۆپی پێی تیپە میللییەکانی کەلار بەردەوامە

پاش تەواوبوونی قۆناغی پالاوتن بۆ هەریەک لەسنووردکانی حەمەی کەریم وبنگرد، لەماوەی چەند ڕۆژی ڕابردوودا یاریەکانی پالاوتن بۆتیپە میللییەکانی هەریەک لەسنووردکانی بەردەسوورو گازینۆو شۆڕش وکەلارێکۆن ئەنجامدراو گرنگترین ئەنجامەکانی بەم شێوەیە بوون

١/ سنووری بەردەسوورو گازینۆ

بەردەسوور × دەریا ٢ - ٠ ، پێشەنگ × گازینۆ ٣ — ١ ، دەریا×گازینۆ بەلێدانی پەنالتی ٤ — ٣ بۆ دەریا

بەردەسوور × پێشەنگ ١ - ٠

٢-سنووری شۆڕش وکەلارێکۆن

لەدرێژەی یارییەکانی پالاوتن بۆتیپە میللییەکانی سنووری شۆڕش — کەلارێکۆن، کە ٨ تیپی میللی سنووردکە بەشداریان تێداکرد سەرئنجام هەریەک لەتیپەکانی شالاو — مهاباد — هیوا — مەجموعە سەرکەوتن بۆ ئاستی تیپە پلەیەکەکانی کەلار، بڕیارە بۆ یەکەم جار بەشێوەیەکی یاسایی خولی تۆپی پێ بۆ تیپە پلە یەکەکانی کەلار ئەنجام بدرێت ولەوێوە پالەوانێتی تیپە میللییەکان بۆساڵی٢٠٠٥ ساز بدرێت .

تیپی تۆپی پێی کوردستانی نوێ

پالەوانی یەکەم خوولی نێویاریگای بچووک

هادی

ڕۆژی یەکشەممە ڕێکەوتی٢٠٠٥/٧/٢٤، بەئامادەبوونی لێپرسراوی سەنتەری کەلاری ڕێکخراوی ئازادی لاوانی کوردستان وجەماوەرێکی زۆریاری کۆتایی یەکەم خولی تۆپی پێی نێو یاریگای بچووک لەنێوان هەردوو تیپی کوردستانی نوێ و شەهید ئارام ئەنجامدراو پاش ئەوەی هەردوولا بەئەنجامی ١ - ١ یەکسانبوون، بەلێدانی پەنالتی کوردستانی نوێ یاریەکەی بردەوەو بوو بەپالەوانی یەکەم خولی تۆپی پێی نێو یاریگای بچووک، شایانی باسە ئەم خولە سەنتەری کەلاری ڕێکخراوی ئازادی لاوانی کوردستان بۆ شەش تیپی سنووردکە ئەنجامی داو لەکۆتاییدا خەلأت بەسەر سەرکەوتووادا دابەشکرا .

لاوانی یانەی شێروانە سەرکەوتنێکی گەورەیان بەدەستهێنا

لەدرێژەی یارییەکانی خولی تۆپی پێ لاوانی یانە پلەیەکەکانی کوردستاندا لاوانی یانەی شێروانە دوو یاری گرنگی ئەنجامداو لەیاری یەکەمدا لاوانی شێروانە میواندداری لاوانی کەمالێ سەلیم یان کردوو لەیارییەکی بەهێزدا هەر دوولا بەرامبەر وەستان بەگۆلێک ولە یاری دووەمیشدا لاوانی یانەی شێروانە بەئەنجامی ٤-١ لەلاوانی یانەی ئاشتی یان بردەوە، ئەوەی شایانی باسە لاوانی یانەی شێروانە ساڵی پار تووانیان ببن بەپالەوانی لاوانی یانەکانی کوردستان

ئێران هێشتنەوەی قژی درێژ لەیاریگادا ناهێلێت

دەزگا بەرپرسەکانی ئێران یاریزانانی تۆپی پێیان ئاگادار کردەوە کە نابێت قژیان بەدرێژی بهێلنەوە لەکاتی یاریکردندا، هەروەها یەکێتی تۆپیی پێی ئێران داوای لەسەرجەم یانەکانی ئێران کرد کەیاریزنان ئاگادار بکەنەوە سەبارەت بە قەدەغەکردنی درێژکردنەوەی قژو هەرکەسێک سەرپێچی بکات ئەوا سزایەکی ماددی دەدرێت لەگەڵ وەستانی لەیاریکردن بۆماوەیەکی دیاریکراو، یەکێتی تۆپی پێی ئێرانیش بڕیارەکەی بەوە وەسف کرد کە دەبێ یاریزانان ڕێزلە پڕوژی ئیسلام بگرن ودووركەونەوە لەو ڕەفتارانەی کە دەبنە هۆی ناشیرین کردنی لاوانی ئێران، پەیامنێری کەناڵەکانیش ئەویان ئاشکراکرد کە وەرزشی تۆپی پێ بەناوبانگترین جۆری وەرزشە لەئێراندا .

یاریزانی‌لاو یوسف محەمەد حەسەن: وەرزش هۆیەکە بۆ پێکەوە ژیان

سنووری گەرمیان بەردەوام لەسەرجەم بواردکاندا چەندین لاوو کەسایەتی بەتوانای تێدا هەڵکەوتووە، یەکێک لەو لاوانەی کەبە کەسێکی ڕۆح سوک ووریاو هێمن ناسراوە یوسف محمد حسنە، یوسف لەدایک بووی ساڵی١٩٨٢ی شاری کەلارەو هەر لەمندالییەوە دەستی بەوەرزش کردووەو پاشان لە ئەزموونێکی نوێدا لەساڵی١٩٨٤ لەگەڵ تیپی هیوادا یاریکردو پاشان چووەتە تیپیسیروانەوە، ئێستاش لەتیپی طلبة بەردەوامە لەیاریکردن، سەبارەت بەوەی کێ هاندەری سەرەکی بووە وتی:"دڵێرعمری تیپی هیواو دواترمامۆستا عوسمانیش هاوکارییەکی زۆری کردووە، یوسف دوای ئەوەی لەساڵی پێشوودا ئاستێکی باشی نواند لەلایەن یانەی شیروانەوە وەرگیراو دواتر بەهۆی پێکانەوە بۆ ماوەیەک لەیاری دووركەوتەوە، سەبارەت بەئاستی تیپەمیللییەکانیش ئەو پێوا بوو ئاستی تیپەکان زۆر باشە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا پێویستە پێداویستییەکانی وەکوجلوبەرگ وڕاهێنەرو پاشان یاریگای چیمەن دروست بکرێت، لەبارەی خۆشترین ساتی ئەو لەنێو یاریگادا وتی:"من یاری نێوان سیروان وهێرۆ بە خۆشترین یاری دەزانم ؟چونکە یاریەکە زۆر بەهێز بوو"، لەبارەی خراپترین ساتی نێو یاریگاش وتی:"دوا یاری تیپەکەم بوو لەخولی پالاوتنی تیپە میللییەکانی کەلار"، هەروەها یوسف زۆر سەرسامە بەیاریزانی نێودەوڵەتی زەیدان، وتیشی"وەرزشکار پێویستە ڕەوشت بەرزو هێمن وگوێرایەڵی ڕاهێنەربێت"، سەبارەت بەئاستی تیپە میللییەکانی کەلاریش ئەوپێی وایە ئاستی تیپەکان زۆر باشەو نموونەی هێنایەوە کەیەکێک لەو تیپانە تیپی ڕاپەڕینە، لەکۆتایشدا داوایکرد دەزگا بەرپرسەکان لەوانە بەرپرسانی یانەکان سەردانی یاریگاکانی تیپە میللییەکان بکەن، ئەوکات دەبینین چەندین یاریزانی بەتواناهەیە، وتیشی"پێویستە یانەکان بەرنامەی وەرگرتنی یاریزان بگۆڕن وگرنگی بەناوبژیوانان بدەن ویاریگای نوێ دروست بکرێت" .

رۆنالدۆ واز لە یاریکردن بۆ بەڕازیل دێنێت

مەدرید (رۆنالدۆ) رایگەیاندووە کە دوای ئەنجام دانی جامی جیهانی ساڵی داهاتوو لەگەڵ هەڵبژاردەی بەڕازیل ، ئەو واز لە یاریکردنی نێودەوڵەتی بە یەکجاری دێنێت.

رۆنالدۆ لەم بارەیەوە گوتی : " مۆندیالی ساڵی داهاتوو ، چوارەم مۆندیالم دەبێت ، من دەمەوێت یاریزانە لاوەکان هەلی خۆیان بقۆزنەوە و بێنە شوێنی من".

لە بارەی یانەکەیەوە ، رۆنالدۆ رایگەیاند کە وا دوای بەسەر چوونی ماوەی بۆندەکەی لەگەڵ ریال مەدرید ، ئەوا واز لە یاری کردن بە یەکجارەکی دێنێت ، ئەو گوتی : " چوار ساڵم ماوە لە گەڵ ریال مەدرید ، ئینجا واز لە یاری کردن دێنم ".

شایانی باسە ، توانیویەتی دوو جار جامی جیهانی لەگەڵ هەلبژاردەی بەڕازیلدا بەدەست بهێنێت لە ساللأنی (١٩٩٤-٢٠٠٢) و هەروەها لە یاری کۆتایی جامی جیهانی ١٩٩٨ بەرامبەر فەڕەنسا ، بەڕازیل دۆڕا و بە پلەی دووەم هات

بە پێی هەواڵی ڕۆژنامەی (لیکێپ)ی فەڕەنسی ، ئەستێرەی تۆپی پێی هەڵبژاردەی بەڕازیل و یانەی ریال

کارتی سوور بۆ تەنها یاریەکە؟

یەکێتی تۆپی پێی ئینگلیز هەستا بەڕاستکردنەوی یەکێک لە یاساکانی تۆپی پێ، سەبارەت بەوەی هەر یاریزانێک ئەگەر بێت وکارتی سوور وەرگرێت ئەوا تەنها یەک یاری دوور دەخرێتەوە لە یاریگا، شایانی باسە لە یاسا کۆنەکەی فیفادا وابڕیاربوو هەر یاریزانێک کارتی سوور وەربگرێت بو ماوەی دوو یاری لە یاریگا دوور دەخرێتەوە، تا هەنووکەش ئەم بڕیارە لەژێر لێکۆڵینەوەدایە جونکە پێویستە بگونجێت لە گەڵ بڕیارەکانی یەکێتی تۆپیپێی جیهان فیفا وایش بڕیارە دوایی وەرگرتنی رەزامەندی لەسەرەتای ساڵی نوێوە کاربەم یاسایە بکرێت .

شفشینکۆ لەگەڵ ڕاهێنەری میلان داتووشی کێشە دەبێت

جارێکی تر یاریزانی یانەی ئەی سی میلانی ئیتالییاو کاپتنی هەڵبژاردەی ئۆکرانیا ئەندرێ شفشینکۆ جێگیربووون ومانەوەی خۆی لەڕیزی یانەی ئەی سی میلاندا دووپات کردەوە، ئەمەش دوای ئەو تێکچوونەی لەنێوان شفشینکۆو ڕاهێنەری یانەکە کارلۆ ئەنجیلۆتی ڕوویدا، لەلێدوانێکدا بۆ ڕۆژنامەنووسان شفشینکۆ ووتی:"میلانم خۆشدەوێت ومیلانیش منی خۆشدەوێت، ئەوەی ڕوویدا لەنێوان من وڕاهێنەری یانە هۆکەی لە یەک تێنەگەیشتن بووە، ئەو هەواڵنەشی پشت ڕاست کردەوە کە لەماوەی پێشوودا چەند یانەیەک بەنیاز بوونە بۆکڕینی یەکێک لەوانە یانەی چێلسی ئینگلیزی بووە، کەبڕی ٨٥ملیۆن یۆرۆی داوە بەرامبەر بەکڕینی شفشینکۆ، بەڵام شفشینکۆ وتی: "من نامەوێ بڕۆمە چێلسی و پێم خۆشە لە میلان بمێنمەوە.

یەکێتی تۆپی پێی عێراق چەند بڕیارێکی دەرکرد

لە بڕیارەکانی یەکێتی ناوەندی تۆپی پێی عێراق ، یانەی سەلاحەدین — ئاراراتی — بە براوە دانراو یاریدەدەری ڕاهێنەری بروسک ٦ مانگ لە کاری مەشق دوورخرایەوە.

دوای ئەوەی لە دوا یاری خولی گروپی کوردستان ، بۆ گەیشتن بە ریزی یانە پلە مومتازەکانی عێراق لە تۆپی پێ ڕۆ ئاڕاوە لە نێوان هەردوو یانەی سەلاحەدین — ئاراراتی — و بروسک ڕوویدا و یاریییەکە تەواو نەکرا ، یەکێتی تۆپی پێی عێراق دوای لێکۆڵینەوە لە ڕووداوەکانی ئەم یاریییە ، چەند بڕیارێکی دەرکرد ، کە کۆپییەکی دەستمان کەوتووە و تیایدا هاتووە .

١- یانەی بروسک بە دۆڕاو دانرا بە ئەنجامی ٣-٠ گۆڵ ، دوای ئەوەی لە خولەکی ٨٩ ی یاریییەکە لە یاریگە هاتوونەتە دەرەوە .

٢- سزادانی یاریدەدەری ڕاهێنەری یانەی بروسک دڵشاد مەعروف ، بە دوورخستنەوەی لە کاری مەشق بۆ ماوەی شەش مانگ ، دوای سەلاحەدین — ئاراراتی- وەرزی داهاتوو لە ڕیزی یانە مومتازەکانی عێراق لە تۆپی پێ بەشداری دەکات ، دوای ئەوەی تیمی ناوبژیوانانی یاریەکە .

٣- ناردنی سوپاستامەیەک بۆ ڕاهێنەری یانەی بروسک عەبدوڵلا مەحمود ، دوای ئەوەی ڕۆڵێکی بەرپاوی بینیوە لە ئارام کردنەوەی یاریزانەکانی یانەکەی و هێور کردنەوەی بارودۆخەکە .

٤- سزادانی کارگێڕێکی یانەی بروسک بە ناوی — سەربەست — بە دوورخستنەوەی ماوەی ساڵێک لە یانەکەی ، دوای ئەوەی ئاڕاوەی دوست کردووەو دەست درێژی کردۆتە سەر تیمی ناوبژیوانانی یاریییەکە .

جێگەی باسە یانەی سەلاحەدین — ئاراراتی- وەرزی داهاتوو لە ڕیزی یانە مومتازەکانی عێراق لە تۆپی پێ بەشداری دەکات ، دوای ئەوەی گروپی کوردستانی خولی لە توانی پلەی یەکەم بەدەست بێنێت .